# یەک دراو و دوو نرخی جیاواز؛ داهاتووی بەهای دیناری عێراقی

09-10-2024

### نووسەرەکان

مەحموود بابان

**کورتە :** چیرۆک و ڕێگەی جیاواز لەبارەی شیوازەکانی گۆڕینەوەی دینار بە دۆلار لە بانکی ناوەندی و پێویستی ڕۆژانەی بازاڕ بە دۆلار و چوونە دەرەوەی دۆلار لە عێراقەوە باسدەکرێت، لەسەروو هەموویانەوە ژمارەکانی بانکی ناوەندی و شێوازەکانی خستنەڕووی دۆلار بە حەواڵە و کاش، بڕی پارەی چاپکراوی دیناری عێراقی و گەڕاندنەوەی پارەی نەوتی فرۆشراو بە دۆلار، هاتنەناوەوەی دۆلار بۆ بازاڕەکانی عێراق لە بەسرەوە تاوەکو زاخۆ و جۆری ئەو کۆمپانیایانەی ئاڵوگۆڕی دراو کە بە جۆری A ناسراون و دەتوانن لەبانکی ناوەندی دینار بگۆڕنەوە بە دۆلار ژمارەیان چەندە؟ بۆچی ئەم کۆمپانیایانە دەتوانن دۆلاری 1310 دیناری وەربگرن، لەکاتێکدا لە بازاڕ ئەم ڕۆژانە سەروو 1530 دینارە بۆ هەر دۆلارێک. هەروەها، کۆی ژمارەی کۆمپانیاکانی ئاڵوگۆڕی دراو لە هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستان چەندە؟ بۆچی کۆمپاکانی ئاڵوگۆڕی دراوی هەرێمی کوردستان بێبەشن لە وەرگرتنی دۆلاری 1310 دیناری و فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانیش ناتوانن دۆلار بە گەشتیاران بدەن؟

## بەرایی

جیاوازی نرخی 100 دۆلاری ئەمریکی لە بانکی ناوەندی و لە بازاڕەکانی عێراق لەماوەی دوو دەیەی رابردوودا رۆژ بە رۆژ زیادی کردووە، و ئەم جیاوازییە بەتێکڕا لە 5 دینارەوە گەیشتووەتە 194 دینار  لە ئەمساڵدا. هۆکارەکانی پشت ئەم دوو نرخییەی دراوی عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی جگە لەلاوازی سیستەمی دارایی و ئابووری، نیشانەی مەترسییەکی گەورەیە لەبارەی داهاتووی بەهای دینارەوە چونکە دراوی عێراقی گرینەدراوە بە بازاڕ و بەهاکەی لەهەمبەر دۆلار، لەلایەن دەوڵەتەوە دیاریدەکریت نەوەکو خواست و خستنەڕووی بازاڕ، یان رێژەی سودی بانکی، هەڵئاوسان و جیاوازی هاوردە و هەناردەکردن و  هتد.

چیرۆک و رێگەی جیاواز لەبارەی شێوازەکانی گۆڕینەوەی دینار بە دۆلار لە بانکی ناوەندی و پێویستی رۆژانەی بازاڕ بە دۆلار و چوونە دەرەوەی دۆلار لە عێراقەوە باسدەکرێت، لەسەروو هەموویانەوە ژمارەکانی بانکی ناوەندی و شێوازەکانی خستنەڕووی دۆلار بە حەواڵە و کاش، بڕی پارەی چاپکراوی دیناری عێراقی و گەڕاندنەوەی پارەی نەوتی فرۆشراو بە دۆلار، هاتنەناوەوەی دۆلار بۆ بازاڕەکانی عێراق لە بەسرەوە تاوەکو زاخۆ و جۆری ئەو کۆمپانیایانەی ئاڵۆگۆڕی دراو کە بە جۆری A ناسراون و دەتوانن لەبانکی ناوەندی دینار بگۆڕنەوە بە دۆلار ژمارەیان چەندە؟ بۆچی ئەم کۆمپانیایانە دەتوانن دۆلاری 1310 دیناری وەربگرن، لەکاتێکدا لە بازاڕ ئەم رۆژانە سەروو 1530 دینارە بۆ هەر دۆلارێک. هەروەها، کۆی ژمارەی کۆمپانیاکانی ئاڵۆگۆڕی دراو لە هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستان چەندە؟ بۆچی کۆمپاکانی ئاڵۆگۆڕی دراوی هەرێمی کوردستان بێبەشن لە وەرگرتنی دۆلاری 1310 دیناری و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانیش ناتوانن دۆلار بە گەشتیاران بدەن؟

لەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین ... لەم راپۆرتەدا هەڵوەستە لەسەر شەش هێندەبوونی جیاوازی نێوان بانکی ناوەندی و بازاڕ بۆ یەک دۆلار دەکەین و تیشکێک دەخەینەسەر ئەوەی ئایا بانکی ناوەندی دۆلاری کەم یان زۆر بخاتەڕوو جیاوازییەکە چی لێدێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە و داهاتووی بەهای دیناری عێراقی لە داتاکانی بانکی ناوەندی و دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و بازاڕەوە هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدەین.

## کۆمپانیاکانی ئاڵۆگۆڕی دراو چۆن دۆلار لە بانکی ناوەندی وەردەگرن و دەیفرۆشنەوە بە بازاڕ؟

بەپێی لیستی بانکی ناوەندی ژمارەی کۆمپانیاکانی ئاڵۆگۆڕی دراو (سەراف) بەتەنیا لە بەغدای پایتەخت 1333 کۆمپانیایە و لە تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراقیش جگە لە هەرێمی کوردستان 600 کۆمپانیا هەیە، واتە لە نێوەڕاست و باشووری عێراق دەگاتە 1933 کۆمپانیا، ئەگەر ژمارەی کۆمپانیا و نووسینگەکانی ئاڵۆگۆڕی دراو  لە هەرێمی کوردستانیش بخەینەسەر ئەوەی عێراق ئەوا بەدڵنیاییەوە ژمارەکە دەڕوات بۆ سەروو 2500 کۆمپانیای ئاڵۆگۆڕی دراو.

بەپێی داتاکان، ژمارەی کۆمپانیاکانی جۆری A لە عێراق کەوا لە بانکی ناوەندی تۆمارکراون 88 کۆمپانیان، ژمارەی کۆمپانیاکانی جۆریB سەرووی 57 کۆمپانیان و ئەوانەی جۆری Cیشن 300 کۆمپانیان. ئێستا بەتەنیا ئەوانەی لە جۆری A بن لەگەڵ چەند بانکێکی دیکە دەتوانن لە بانکی ناوەندی داوا بۆ کڕینی دۆلار بە کاش پێشکێشبکەن.

لەڕاستیدا، ئەم ژمارانەش رۆژانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە دوو هۆکاری پێچەوانە، یەکەمیان دروستبوونی کۆمپانیای نوێ، چونکە جۆری ئەی لە یەکگرتنی دوو کۆمپانیای B یان یەک B و پێنج کۆمپانیای C پێکدێت، هەروەها کۆمپانیای Bی لە ئەنجامی یەکگرتنی 10 کۆمپانیای Cوە دێت، هەربۆیەش ژمارەیان جێگیر نییە و دەگۆڕێت. دووەمیان کۆمپانیاکان بەهۆی خستنە لیستی رەشەوە و رەتکردنەوەی داواکانیان بۆ وەرگرتنی دۆلار یان تێوەگلانیان لە سپیکردنەوەی پارە دادەخرێن.

ئێستا حکومەتی فیدراڵی بۆ رێکخستنەوەی بازاڕی دۆلار و حەواڵەکردن و رێگریکردن لە چوونەدەرەوەی دۆلار هەوڵدەدات هەموو جۆرەکانی کۆمپانیای C و نووسینگەکانی ئاڵۆگۆڕی دراو لە تەواوی عێراق دابخات و داوای لە هەرێمی کوردستان کردووە هەموو رێکارەکان بگرێتەبەر بۆ داخستنی ئەم جۆرەیان، کەوا زۆربەی ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن لەم جۆرەن .

نزیکەی ساڵێک و هەشت مانگە تاکە رێگەی هاتنە ناوەوەی دۆلار بۆ بازاڕەکان لەڕێگەی کۆمپانیاکانی جۆری A و خستنەڕووی داواکاری گەشتکردنی هاوڵاتیان بۆ دەرەوە جگە لەو وڵاتانەی سزایان لەسەرە لەلایەن ئەمریکاوە، کەوا بۆ هەر هاوڵاتییەک 3000 هەزار دۆلار دەدرێت، لەکاتێکدا لەماوەکانی رابردوودا 7500 دۆلار بوو، ئەم شێوازە بەشیوەیەکە کەوا کۆمپانیاکان نوێنەریان لە فرۆکەخانەکانی بەغداد، بەسرە و نەجەف هەیە و  دەتوانن لە فرۆکەخانە یان لە نووسینگەکان داواکانیان پێشکێش بکەن.

لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق ژمارەی گەشتیارانی هاتوو و رۆشتووی دیارینەکردووە لە عێراق، لەکاتێکدا پێشووتر لە راپۆرتی ساڵانەدا هەموو وردەکارییەکانی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام بۆ 2023 بەتەنیا ژمارەی گشتی واتە کۆی هاتن و رۆشتن لە هەموو فڕۆکەخانەکان کە سەروو 9 ملیۆن گەشتیار بووە راگەیاندووە.

لەڕاستیدا ژمارەی گەشتیارانی عێراقی بۆ دەرەوەی وڵات و خستنەڕووی دۆلاری کاش بۆ ئەو گەشتیارانە یەکناگرێتەوە بە دوو هۆکاری سادە یەکەمیان گەشتیاران دەتوانن ڤیزەکارد بەکاربهێنن و زۆربەی وڵاتانی جیهان ئێستا کەمتر بەکاش کار دەکەن، دووەمیان فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی ئاڵۆگۆڕی دراو، و تەنانەت عەمرەکارانی هەرێمی کوردستانیش بێبەشکراون لە دۆلار 1310 دیناری.

هەرچەندە تێکرای جیاوازی نرخی 100 دۆلار لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بە بەراورد بە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو نەگۆڕاوە، بۆ هەر 100 دۆلار جیاوازییەکە لە 2023دا 193 دینار و لە 2024دا 194 دینار بووە، لەکاتێکدا بانکی ناوەندی نیوەی ئەو بڕەی بەکاش لە ئەمساڵدا خستووەتەڕوو، کە ئەمەش دەرخەری راستی پەیوەستنەبوونی بازاڕە بەکاشی رۆژانەی بانکی ناوەندییەوە، چونکە دەبوایە ئێستا جیاوازییەکە دوو هێندە بوایە. بڕوانە گرافیکی یەکەم لەبارەی جیاوازی نرخی بانکی ناوەندی و بازاڕ لە 2004وە بۆ 2024.

گرافیک 1: نرخی بانکی ناوەندی و نرخی بازاڕ بۆ یەک دۆلار و جیاوازییەکەیان لە نۆ مانگی یەکەمی 2004-2024دا



سەرچاوە: بانکی ناوەندی عێراق، پەنجەرەی فرۆشتن، 2-10-2024.

ئێستا لە بازاڕی دۆلارەکانی هەرێمی کوردستان و لە نووسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراویش گۆڕانکاری لە نرخەکان پێچەوانەی سیستەمی بانکی ناوەندییە، بەشێوەیەک ئەو ڕۆژەی بانکی ناوەندی کەم بە حەواڵە و زۆر بە کاش بخاتەڕوو، ئەوا بەهای دۆلار لەبەرامبەر دینار بەرز دەبێتەوە، لەکاتێکدا دەبوایە نزمبێتەوە چونکە دۆلاری کاشی زۆر خراوەتەڕوو، بەڵام بەهۆی ڕەتکردنەوەی حەواڵەی فەرمییەوە بۆ هەموو هۆکارە جیاوازەکان لەلایەن بانکی ناوەندییەوە و پێویستی ئەو بڕە پارانەی کە ڕەتکراوەتەوە کۆمپانیاکان پەنا بۆ بازاڕ و کۆمپانیاکانی دراو دەبەن بۆ حەواڵەکردن، ئەمەش نرخی دۆلار لە بەرامبەر دینار بەرز دەکاتەوە.

## ڕۆژانە چەند و چۆن بە حەواڵە و بەکاش دۆلار دەخرێتەڕوو ؟

بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندی کۆی ئەو دۆلارەی خراوەتەڕوو لەڕێگەی پەنجەرەی فرۆشتنەوە لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا گەیشتووەتە 49.6 ملیار دۆلار، کە 46 ملیار بە حەواڵە و 3.6 ملیار بە کاش بووە، ئەمەش بەواتای بەرزبوونەوەی کۆی خستنەڕوو دێت بەڕێژەی 46.7% بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو .

قورسبوونی ڕێکارەکانی خستنەڕووی دۆلار بەکاش لەلایەن بانکی ناوەندی و گرتنەبەری ڕێکارەکانی ڕۆشتنە دەرەوەی دۆلار بە حەواڵە و کەمبوونەوەی هاتنی دۆلاری کاش لە ئەمریکاوە وایکرد لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بە بەراورد بە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو بڕی 3.98 ملیار دۆلار کەمتر بەکاش بخاتەڕوو، کە ناکاتە نیوەی ئەوەی ساڵی ڕابردوو.

هەرچەندە ئێستا ڕۆژانە ڕێنمایی و ڕێکاری نوێ دەخرێتەڕوو بۆ خستنەڕووی دۆلار بۆ بازاڕ، بەڵام بەهای دیناری عێراقی لەبەرامبەر دۆلار ناسەقامگیرە و ڕۆژانە سەروو 1000 بۆ 3000 دینار لەبەرامبەر 100 دۆلار دەگۆڕێت لەنرخی بازاڕ و جیاوازییەکەی بانکی ناوەندی و بازاڕیش زیاتر دەکات، هەربۆیەش ئەم گۆڕانکارییە  بەتەنیا پەیوەست نییە بە پێوەرە ئابوورییەکان و ڕێکارەکانی بانکی ناوەندییەوە، بەڵکوو گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنییەکان و نرخە جیاوازەکانی کاڵاکان لەسەروو هەموویانەوە نەوت و دڵنیایی خەڵک لە داهاتووی دراوی عێراق پێکەوە گرێدراوە و کار دەکەنە سەر بەهاکەی لە بازاڕدا.

لەڕاستیدا، بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندی خستنەڕووی دۆلار بۆ بازاڕ و پێویستی بازاڕی عێراق بە دۆلار دیارنەبووە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو هەربۆیەش ئەمساڵ کەمتر لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو خراوەتەڕوو، لەکاتێکدا داهاتی ئەمساڵ لەسەروو ئەو ساڵانەوە بووە وەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە.

گرافیک 2: خستنەڕووی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندی بە حەواڵە و کاش لە نۆ مانگی یەکەمی 2018-2024




سەرچاوە: بانکی ناوەندی عێراق، پەنجەرەی فرۆشتن، 2-10-2024.

# داهات بە دۆلار و خەرجی بە دینار؛ جیاوازی1 تریلیۆن دۆلار و 100 تریلیۆن دینار

داهاتووی دیناری عێراقی پەیوەستە بە سیاسەتی ئەمریکاوە نەوەکو سیاسەتی نەختینەی دەوڵەتی عێراق، چونکە ڕێژەی 99% نەوت و بەرهەمەکانییەتی و بەدۆلاریش وەردەگرێتەوە، هەرچەندە لەم ساڵانەدا یەک لەسەر سێی ئەم نەوتە بە وڵاتی چین فرۆشراوە، بەڵام نەتوانراوە ئاڵۆگۆڕەکەی بە یوان بێت سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ مامەڵەکردن بە دراوەکانی دیکەوە، چونکە هاوسەنگی بازرگانی نییە، ئەویش نەک تەنیا لەگەڵ چین بەڵکوو لەگەڵ وڵاتانی دیکەشدا.

لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو، بەتەنیا داهاتی نەوتی هەناردەکراوی عێراق سەرووە 1 تریلیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە، بەڵام کۆی گەشەکردنی ئابووری عێراق GDP لەو ماوەیەدا تاوەکو 2023 گەیشتووەتە 253 ملیار دۆلار کە ئەمەش نیشانەیەکی دیاری ئابووری بەرخۆری و پشتبەستنی بە هاوردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، حکومەتیش بۆ پڕکردنەوەی ئەم پێداویستیانە لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 46 ملیار دۆلار حەواڵەی دەرەوە کردووە.

دیوێکی دیکەی ئەم داهات بە دۆلار و خەرجی بەدینارە بریتییە لە چاپکردنی دیناری عێراقی چاپکراو لەلایەن بانکی ناوەندییەوە، کە لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو گەیشتووەتە سەرووی 104 تریلیۆن دینار، بەشێوەیەکە کەوا 95 تریلیۆن دیناری لە دەرەوەی بانکە بازرگانییەکان و 9 تریلیۆن لەنێو بانکەکاندایە! کە ئەمەش دەرخەری لاوازی سیستەمی بانکی و دارایی عێراق و ئاستی متمانەی دانیشتوانەکەیەتی بە بانک و دەوڵەت.

زیادبوونی دراوی چاپکراوی عێراقی لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا هەرگیز وەکو ئەمساڵانەی دوایی نەبووە، بۆ نموونە لە2019دا کۆی بڕی پارەی چاپکراو لە عێراق نیوەی ئەوەی ئێستا بووە، بەشێوەیەک وەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە لە 31ی تەمموز 2019دا کۆی پارەی چاپکراو 48.3 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام لە هەمان ڕۆژ و مانگی 2024دا کۆی چاپکراو 104.3 تریلیۆن دینارە.

گرافیک 3: کۆی پارەی چاپکراوی عێراقی لەلایەن بانکی ناوەندی و ئەوانەی لەبانکەکان و ئەوەشی لەبازاڕ 2004-2024



# هۆکارەکانی پشت هەڵبەز و دابەزەکانی نرخی دینار لە بەرامبەر دۆلار لە بازاڕ

لەڕووی بەهای دراوەکان بەرامبەر دۆلار، دەبوایە دراوی عێراقی هاوشێوەی وڵاتانی خەلیج یاخود ئاسیا بوایە نەوەکو ئێران و تورکیا، چونکە دەوڵەت بەهاکەی دەستنیشانکردووە نەک بازاڕ و ڕێژەی هەڵئاوسان و سوودی بانکی.

بەپێی داتابەیسی بانکی ناوەندی بۆ دراوە جیاوازەکان لە 1995وە تاوەکو 2024 ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە تەنیا دراوی ئەو وڵاتانەی ئابوورییەکەیان پەیوەست بە بازاڕەوە یان سزای ئابوورییان لەسەرە و ناسەقامگیرە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، هەربۆیەش داتاکانی بانکی جیهانی ئاماژە بە زیاتر لە 30 وڵاتی کەمدەرامەت و دەرامەتی مامناوەند لە جیهان دراوەکەیان بەرامبەر بە دۆلار بەڕێژەی 10% کەمیکردووە، کەچی عێراق سەرەڕای بەرزکردنەوەی لە 2023دا بەڵام بەها ڕاستەقینەکەی لە بازاڕ کەمیکردووە لەهەمبەر دۆلار.

لەڕاستیدا، هۆکارەکانی پشت هەڵبەز و دابەزەکانی نرخی دۆلار لە عێراق وەک ئەوەی لەم ڕۆژانەشدا دەبینین ڕەنگە چیرۆکی دیکە لەبارەی چوونە دەرەوەی دۆلاری عێراقی بۆ وڵاتانی دیکە هەبێت، بەڵام نەوەکو لەڕێگەی بازاڕی دۆلارەکانی هەولێر و سلێمانی و بەسرە و بەغداوە بەکاش، چونکە ئەوەی بەکاش و لەژمارەکانی بانکی ناوەندییەوە خراوەتەڕوو لەچاو بەهای ئەو کاڵایانەی ئێران بۆ عێراقی هەناردە کردووە ناکاتە نیوە چ جای دەوڵەتی ئێران لە ڕێگەی بازاڕەوە دۆلاری دەستبکەوێت، هەربۆیەش بەمدواییە دەرگەی فەرمی دۆزراوەتەوە و لەڕێگەی بەستنەوەی تۆڕی بانکی فەرمییەوە پێکەوە بۆ هەناردەکردنی دۆلار بۆ دەرەوەی عێراق، چ ئێران یان وڵاتانی دیکە بێت بەبەکارهێنانی سیستەمی بانکی و بانکی فیدراڵی یەدەگی نیویۆرکەوە Federal Reserve Bank of NewNew York، کە دیارترین نموونە چیرۆکی بانکەکانی عەلی غوڵامی گەنجە تەمەن 42 ساڵە عێراقییەکە کەوا خاوەنداری سێ بانکی بەناوەکانی (بانکی وەبەرهێنانی عێراقی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بانکی ئەلئەنساری ئیسلامی و بانکی ئەلقبید ئیسلامی ) کردووە کە ملیاران دۆلاری بەفەرمی لەڕێگەی سیستەمی بانکییەوە بردووەتەوە دەرەوە لە عێراق و دواجار لە کۆتاییەکانی 2022دا لەلایەن گەنجینەی ئەمریکاوە بە تۆمەتی سپیکردنەوەی پارە بانکەکانی بلۆککراوە،

## کۆتایی

ئەگەر جیاوازی بانکی ناوەندی و بازاڕ سەرەتا سفر بووبێت و ئێستا بەمشێوەیە بێت ئەوا بەهۆی چەندین هۆکاری جیاواز و دژ بەیەکیش وایکردووە جیاوازەکە زیاتر بێت و داهاتووی بەهای دیناری عێراقی لەهەمبەر دۆلاری ئەمریکی لاواز بێت کە دیارترینیان بریتییە:

یەکەم: بەردەوامی کارکردن بە کاش و هەبوونی تریلیۆنان دینار بە کاش لەلای سەرمایەدارانەوە، کە دەتوانن جووڵە لە بازاڕەکان درووست بکەن.

دووەم: نەبوونی متمانەی عێراقییەکان بە دراوەکەیان و سیستمی بانکی بۆ پاراستنی سەرمایەکەیان لە بانکەکان بەهۆی ئەزموونی رابردووەوە.

سێیەم: هەڵگرتنی یەدەگی دراوی بیانی، بەتایبەتیش دۆلار لەلایەن عێراقییەکانەوە

چوارەم: دوو هێندەبوونی دراوی چاپکراوی عێراقی لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا بە بەراورد بە دوو دەیەی رابردوو، سەرەڕای کەمبوونەوەی کۆی داهات و زیادبوونی کۆی قەرز بۆ گەشەی بەرهەمی نێوخۆی لەو ساڵانەدا.

پێنجەم: کارانەبوونی سیستمی بانکی بۆ حەواڵەکردن و بەردەوامیدان بەرۆشتنە دەرەوەی دۆلار لەڕێگەی بازاڕەکانی دۆلارەوە وەک حەواڵە ئەگەر کەمیش بێت.

شەشەم: درووستی ژمارەکان لە عێراق، بۆ نموونە لە کۆی پارەی چاپکراوی عێراق بۆ نموونە ساڵ بە ساڵ دەبێت زیاد بکات بەڵام لە 2017 بۆ 2018 کەمیکردووە وەکو لە داتاکانی بانکی ناوەندی لەسەرەوەدا خراوەتڕوو هاتووە.

حەوتەم: ڕەنگە بەهای دیناری عێراقی لەهەمبەر دۆلاری ئەمریکی ئەو نرخەی بازاڕ بێت نەوەکو ئەو نرخەی بانکی ناوەندی دایناوە.

هەشتەم:  نەبوونی فرەچەشنی و یەکسانی لە ئاڵۆگۆڕی بازرگانی عێراق لەگەڵ دەرەوەدا و بەردەوامیدان بە بەرخۆری هاوردەکردنی هەزاران کاڵا و خزمەتگوزاری جیاواز لە وڵاتانەوە و هەناردەکردنی بەتەنیا نەوت و بەرهەمەکانی.